**بزووتنەوەی محمد ذي النفس الزكية و ابراهيم ی برای**

محمد بن عبدالله المحض بن الحسن بن الحسن بن علي بن أبی طالب، یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی بنەماڵەی هاشمی و مێژوونووس ابن الطقطقی دەڵێ: ((پیاوێکی چاك و شەرەف مەند و ئاین پەروەرو بەزانست و ئازا و زمانپاراو و خاوەن سەرۆکایەتی و رێز و خانەدان بووە)).

**نازناوی النفس الزكية:** واتا پاك لە گوناە (الطاهر من الذنوب) هەر لەسەردەمی خەلیفەی ئومەوی مروان بن محمد کەسایەتی بەدیارکەوتبوو، خەڵك بەیعەتیان پێ دابوو مەبەستمان باوکیەتی عبدالله المحض کە نازناوەکەی بەمانای پاك و پوخت دێت ، چونکە نەژادی لە باوك و دایك بە فاطمەی الزهراء(ر.خ)پەیوەست بوو، خۆشەویست بوو لەلایەن خەڵکی حیجاز و محمد ذي النفس الزكية و بنەماڵەکەی و ابراهیمی برای گفتیان نە بەأبو العباس و نە بە أبو جعفر نەدا. تەنانەت هەندێ لە سەرکردەی ئومەوی وەك (یزید بن عمر بن هبیرة)ش چۆتە پاڵی بەر لەکوشتنی و خەڵك هانیان داوە بۆ شۆڕش دژ بە أبو العباس و أبو الجعفر.

ئەوەی زیاتر هاتنی محمد ذي النفس الزكية ی دا بۆ راپەرین دژ بە عەباسیەکان ئەوەیە گوایە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئومەوی کۆیونەوەیەك کرا لەنێوان عەلەویەکان و عەباسیەکان لە مەککە لەوانە أبو العباس و أبو جعفر ئامادەبوون باسی چەوساندنەوەو پەرتەوازەبوونی (آل بیت) کراوە، وایان بینیووە بۆ چاك کردنی باری ئەم میللەتە موسڵمانانە پێویستە پیاوێك لە آل بیت رسول کاربەدەستی وەربگرێت و هەموویان بەیعەتیان بە محمد ژی النفس الزكية داوە. دیارە ئەم پەیمانە شکاندراوە لەلایەن عەباسیەکان و خیلافەتیان بۆ خۆیان گواستەوە بۆیە محمد ذي النفس الزكية و ابراهیمی برای بەیعەتیان بە أبو العباس نەدا.

أبو العباس مامەڵەی نەرم و نیان بووە لەگەڵ نەوەکانی حسن بن علي بن أبي طالب، بەڵام کاتێ أبو جعفر جلەوی دەسەڵاتی وەرگرت لەساڵی ١٣٦ك ترسی لە چاوتێبرینەکانی محمد ذي النفس الزكية هەبوو، وە کاتێ أبو جعفر چوو بۆ بەجێ هێنانی حەج لە ساڵی ١٤٠ك زیاتر گومانی لێ کردن چونکە محمد ابراهیم خۆیان لێ وون کرد. أبو جعفر هەڵسا بە دەستگیرکردنی باوکیان (عبدالله المحض بن الحسن) لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکانی (اهل البیت)ەکەی چونکە شوێنی محمدی پێ نەووت، پاشان عبدالله المحض ی گواستەوە بۆ عێراق.

أبو جعفر فەرمانی کرد بە والی حیجاز (زیاد بن عبدالله) کە بەدواداچوون بکات لەسەر (محمد) ،بەڵام ئەم والیە نەی دەویست ئەم بەرپرسیاریەتیە بکەوێتە ئەستۆی نەرمی نواند، بۆیە لە کارەکەی لادرا و لەلایەن أبو جعفر (محمد بن خالد القسري) دانرا ئەمەش لە کارەکەی لادرا و (رباح بن عثمان بن حیان) دەکاتە والی مەدینە لەساڵی ١٤٥ك.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٤٤ و ١٤٥ کۆچی أبو جعفر زانی بانگەشەی محمد ذي النفس الزكية لە وولاتانی ئیسلامی بڵاوبوتەوەو زۆرێك لە خەڵك پاڵپشتی دەکەن، أبو جعفر هەموو ئامراز و شێوازێکی بەکارهێنا بۆ زانینی شوێنی محمد بەڵام نەیتوانی.

ئەوهۆکارانەی وایکرد (محمد ذي النفس الزكية) لە شوێنی خۆی بەدیاربکەوێت:

١- فشار و تەنگ خستنە سەری لەلایەن عەباسیەکان.
٢- ئازارو ئەشکەنجەدانی بنەماڵەی لەلایەن أبو جعفر بەئامانجی فشار خستنە سەریان لە رادەست کردنی محمد و ابراهیمی برای.
٣- بەکارهێنانی فێڵ لەلایەن أبو جعفر گوایە ناردنی نامەی زۆر لەلایەن میران و بەرپرسانی هەرێمەکان و سەرکردەباڵاکانی أبو جعفر کە هانیان دەدا لەسەر دەرکەوتن و راگەیاندنی راستەوخۆی شۆڕشەکەی کە ئەمەش بە ئاماژەدانی أبو جعفر بوو تا زووتر دەربکەوێت.
٤- داننان بە پێشەوایەتی و پێشەوایەتیەکەی لەلایەن زۆرێك لە خەڵك بەتایبەتی خەڵکی حیجاز.
٥- زۆر لێ کردنی زۆری هاوەڵەکان تا دەربکەوێت دوای چاوەروانیەکی زۆر.

پاڵپشتی باوکی بەوەی کە دەربکەوێت.

٦- فتوای الامام المالك بەدروستی بەیعەتی ئەو، نادروستی بەیعەتدان بە أبو جعفر المنصور.
٧- بروای وابوو کە خۆی قوربانییە و بەهێزترە لە أبو جعفر.

دوای ئەوەی لە شاری مەدینە لە مانگی رەجەب ساڵی ١٤٥ك دەرکەوت. رێککەوتن و بریاردرابوو ئەو لە مەدینە و (ابراهیم)ی برای لە بەسرە لەهەمان رۆژدا راپەرین ئەنجام بدەن، بەڵام تووش بوونی ابراهیم بەنەخۆشی خوریکە وایکرد راپەرینەکەی دوو مانگ دوابکەوێت.

محمد هەڵسا بەلادانی والی عەباسی و والیەکی تری لەسەر مەدینە دانا، ووتارێکی پێشکەش کرد کە کۆچەرەکان و پشتیوانانی مەدینە هەڵسان بەگەیاندن و دەستگرن بەم ئاینە . مێژوونووس اليعقوبی دەڵێ: ((محمد نازناوی امير المؤمنين پێ درا)).

أبو جعفر ئەوکات سەرقاڵی بنیادنانی شاری بەغدابوو، بەڵام فەرمانی کرد بەراگرتنی بنیادنانەکەی، و رووی لە کوفە کرد و دەرگای داخست تا کەش دەرنەچێ، هیچ وەفدێك نەهێتە ناو کوفە، چونکە کوفە نزیك بوو لە حیجاز و لایەنگرانی علي بن أبي گالب بوون، نەوەك بچنە پاڵ (محمد ذي النفس الزكية). أبو جعفر کەوتە پەنابردن بۆ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن بۆ راگرتنی شۆڕش و بزووتنەوەکەی (آل البيت) و پێدانی یەك ملیۆن درهەم بەگەڕانەوەی بۆ گوێرایەڵی خۆی و وازهێنان لە شۆڕش و بزووتنەوەکەی و بۆ هەر شوێنێك بچێت ئازادە و هەرچی بەندیەك هەبێ لە بەندیخانەکان تایبەت بە ئەوان ئازادی دەکات، جگە لەوەش بەکارهێنانی نامە و نامە ناردن هەرچەندە چەندین نامە ئالوگۆر کرا لەنێوان هەردوولا. بەڵام لە وەڵامدا محمد النفس الزكية رایگەیاند کە حەق و راستی بە ئێمەیە و باوك و باپیرانم پێشەواو پێشەوا بوونە و

چۆن ولایەت و دەسەلاتەکە بۆ خۆتانی دەبەن کە لە کاتێکدا میراتگرانی زیندوون و من کوڕی و نەوەی بەرزترین خەڵکی بەهەشتم و کەمترین سزادەری ئاگرم، أبو جعفری ئاگادارکردەوە لە کوشتنی ئەوانەی کە کوشتوویەتی، (ابن هبیرە، عبدالله بن علي مامی، أبو مسلم الخراساني).

لە یەکی لەنامەکانی أبو جعفر بۆ محمد النفس الزکیة و انکاری بانگەشەی چاکی محمدی کردو رەتی کردەوە کە لە نەژادی فاطیمەیە، بەڵکو العباسی مامی پێغەمبەر (د.خ) بەمیراتگری شەرعی پێغەمبەری دانا، چونکە پێغەمبەر گوایە کوڕی نەبووە جگە لە العباس هیچ مامێکی نەبووە کە موسڵمان بێت و مابێت، دیارە بە وەڵام نەدانەوەی (محمد) بە أبو جعفر ئەوا أبو جعفر شەڕی دەست پێ کرد، و سوپای عەباسی بەسەرکردایەتی (عیسی بن موسی) بەنزیکەی شەش هەزار سەرباز و سوپایەکی یارمەتی دەریشی بۆ نارد، بۆچی (عیسی)ی نارد؟ ، چونکە ئەگەر مردبا کوڕەکەی ببێتە خەلیفە، چونکە عیسی جێ نشین بوو، هەروەها تا معنویات و ورەی سەربازانی عەباسی بەرزببێتەوە و کاریگەری ئەو لەسەر خەڵکی مەدینە و هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە ئەو.

دواجار لە شەڕێکی یەکلاکەرەوە سوپای عەباسی سەرکەوت و دەستیان گرت بەسەر مەدینە و موڵکەکانی بنەماڵەی (حسن بن علي) و (محمد النفس الذکیة)ش کوژرا و (عیسی بن موسی) سەری محمدی بۆ خەلیفە أبو جعفر المنصور نارد.

**هۆکارەکانی شکستی بزووتنەوەکەی محمد ذي النفس الزکیة**

١- هەڵبژاردنی حیجاز وەك بارەگای سەرەکی بزووتنەوەکە ، چونکە لەرووی ئابوری ئەم ووڵاتە ناوچەیەکی هەژارە لە دەرامەت و پشت بە ناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێ لە خۆراك و پێداویستی ، چونکە ئابلۆقەدان و گەمارۆ خستنە سەری لە رووی ئابووری شکست دەهێنێ لەهەمان کاتدا مەدینەش سەربازی شیاو نەبوو.

٢- بەهێزی سوپای عەباسی و مەشق و راهێنانی باش و شەڕی زۆریان ئەنجام دابوو.

٣- ووتارەکەی محمد کە پێشکەشی لایەنگرانی دەکات، لە مەعنەویات و وورەیان کەم دەکاتەوە، وە خۆشاردنەوەکەشی لەسەرەتا بووە مایەی چەوساندنەوەی زیاتری (اهل البیت) و کەم بوونەوەی پشتیوانانی دەوروبەری.

٤- پەیوەندیە نهێنیەکانی (عیسی بن موسی) بە گەورە پیاوانی مەدینەو پێدانی پارە پێیان.

٥- هەڵکەندنی چاڵ لەدەوری مەدینە و جوڵەی سوپای محمدی نەهێشت.

٦- پەرش و بڵاوبونەوەی سوپای محمد لە شارو شارۆچکەکانی حیجاز بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەریاندا وەکو مەککە و شارەکانی تر.

٧- هەڵەکردن لە خێراکردنی راپەرینەکە و لە دەست پێ کردنی نێوان راپەرینی محمد و ابراهیمی برای کە لەیەك کاتدا نەبوو.

٨- پشت بەستنی محمد تەنها بەخەڵکی حیجاز لە بەرامبەر خیلافەتی عەباسی لەسەرەتاکانی بەهێزی و بەتوانایی دابوو.

## راپەرینی ابراهیم بن عبدالله بن الحسن

دوای ئەوەی دەچێت بۆ بەسرە لەبەر ئەوەی تا لەپێگەی سەرەکی شیعە عەلەویەکان نزیك بێتەوە لە کوفە و لە مەوالیەکانیش بەتایبەتی فارس کە پشتیوانی شیعەکان بوون، خەڵکی بەسرە بەیعەتیان پێ دا، وە توانی بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر بەسرە و دوای ئەوەی والی شارەکە کە عەباسی بوو داوای ئەمان و خۆبەدەستەوەدانی کرد، دواتر بانگەوازەکە لەهەموو وڵاتانی ئیسلامی بلاوبۆوە بەهاتنە پاڵی هەریەك لە زیدیەکان و معتزلەکان.

أبو جعفر لەکاتی راپەرینەکە لە کوفە بوو دەرگای شارەکەی داخست تا خەڵك نەچنە پاڵ راپەرینەکەو سیخورانی خۆی نارد و بڵاویان کردەوە بۆ چاودێری کردنی پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەکەی ابراهیم کە خەریك بوو کۆتایی بەخیلافەتی عەباسی بهێنێت و دەوڵەتی عەلەوی رابگەیەنێت و بەسوپاکەی بەرەو کوفە چوو، أبو جعفر کەوتە هەڵوێستێکی نیگەران چونکە سەربازی کەمی ئامادەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسی عەلەویەکان، بەڵام خێرا بارودۆخەکە گۆرا بەگەرانەوەی سوپای (عیسی بن موسی) بۆ کوفە کە ١٨ هەزار سەربازبوو و سوپای المهدي لە الري کە ٣٠ هەزار سەربازبوو و سوپایەکی تریشی ناردبوو بۆ ئەفریقیا کە ٤٠ هەزار سەرباز بوو، بەسەرکردایەتی (محمد الاشعث) لە نزیك کوفە.

هەردوو سوپای ابراهیم و عیسی لەناوچەی (باخمری) لە نزیك کوفە بەیەك گەیشتن و ابراهیم شەڕێکی خۆراگرانەی لە ذي القعدة ساڵی ١٤٥ك، بەڵام سوپاکەی شکست دەهێنێ و خۆشی کوژرا و بە (کوژراوی باخمری) (قتیل باخمری) ناسراو زۆرێك لە ئەندامانی بنەماڵەی عەلەویش کوژران و بەدیل گیران بەمەش راپەرینەکە شکستی هێنا، هۆکارەکەشی خێراکردن بوو لە ئەنجامدانی.